## هەڵویستی ئێمە سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی
## لە ئێراندا بە گشتیو لە کوردستاندا بە تایبەتی

ئێران لە لا یەکەوە وڵاتێکە لە ژێر دەسەڵاتی ئمپریالیزمدا وە لە لا یەکی ترەوە وڵاتێکی فرە نەتەوەیە. هەر لە بەر ئەمە، مەسەلەی نەتەوایەتی (میلی) لە ئێراندا دوقات گرینگ ترە. هەر وەها لە لایەکەوە گەلانی نیشتەجێ ئەم وڵاتە لە خەباتێکی نەتەوایەتی و دیموکراتیکدا دژ بە ئیمپریالیزمدا هەڵ دەسن و لە لایەکی ترەوە بۆ ڕزگار بون لە ستەمی نەتەوایەتی کە لە لایەن دەولەتێکی یەکپارچە لیان ئە چێت خەبات ئەکەن. هەر چەشنە بەرخوردێک لە مەسەلەی نەتەوایەتی ئەبێت ئەم دو خاڵە جیاوازە بەڵام لە یەک ئاڵاو لە برچاو بگرێت.

بناغەی سەر هەڵ دانی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا، هەر لە سەرەتاوە پەیوەندی هەبو بە دەسەڵاتی ئیمپریالیزمەوە. هەر چەند بەر لە دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە چوارچێوەی دەوڵەتی تا ڕادەیەک یەک پارچە نەتەوە جۆراوجۆرەکان ئەژیان، پەیدا بون و دەرکەوتنی نەتەوەکان بەرهەمی پەیوەندیە کانی سەرمایەدارین، بەڵام لەو کاتەدا ئەو دەڵەتە لە بەر هەلو مەرجی سیاسی و ئابوری وە لە سەر بناغەی سیستەمی بەرهەم هێنانی فیئودالی دامەزرابوو پلەی پێش کەوتویەتی پەیوەندی نیوان برژوازی و سرمایەداری لە ڕادەیەکدا نەبوو کە ببێتە هۆی ئەو پەیدا بونە. لەم پەیوەندیەدا بەم شێوە کیشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا هاتە ئاراوە. ئەگەر کیشەی نەتەوایەتی لە پەیوندەی لە گەڵ پەرەسەندنی دەسەڵات داریەتی ئیمپریالیزم هاتە ئاراوە چارە سەر کردنی ئەو کێشەیەش بەستراوە بە خەباتی دژ بە ئیمپریالیزمو تێکشکاندی ئەو دەسەڵاتە و پەیوەندیەکانی. ئەگەر ئیمپریالیزم چەوسانەوە و ستەمی نەتەوایەتی کردوەتە ئامرازێک بو سەرکوت کردنو چەوسانەوەی گەلانی خەباتگێر، خەبات بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتیش ئەبێت ببێتە بەشێکی دانەپچڕوا لە خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم. هەر ئەمەیە کە کێشەی نەتەوایەتیەکان لە پەیوەندی خەباتی دژ بە ئمپریالیستی ئیستدا خاوەن گرنگێکی تایبەتین.

هەر چەند کیشەی نەتەوایەتي لە قوناغی ئیستای خەباتی دژ بە ئیمپریالیزی گەلانی ئیران و بە تایبەت پەیوەندی لە گەڵ گەلی کورد خۆی دەر دەخات و چارە سەرکردنی شۆڕشگێڕانەی ئەو کیشەیە بو شۆڕشی  ئیمە خاوەن گرنگی بناغەیە، بە تایبەت بۆ هێزە جۆراوجۆرە فروانەکانی بورژوازی، هەر لە بورژوازی کومپرادۆر تا وردە بورژوزی دموکرات هەموو چالاکانە خەریکی پروپاگەندی بۆچونە هەڵەکانیانن لە  ناو کومەڵدا وە لە پەیوەندی لە گەڵ کێشەی نەتەوایەتی هەموو چەشنە ئایدیالۆژیێک هەر لە پان ئیسلامیەوە بگرە تا مارکسیستی چەواشە کراو بە کار دێت بۆ بە هەڵەدا بردنی کێشەی نەتەوایەتی لە ئیراندا. بەتایبەت لەم ڕۆژاندەدا ئەبینین کە دروشمی "مافی دیاری کردنی چارە نووس" تەنیا بۆ شاردنەوی ڕیکەوتنەکانو سرشۆڕ کردنی ئیستراتیژی وردە بورژوای لە بەرانبەر بورژوازی و هیزە سەر بە ئیمپریالیستیەکاندایە. بو نمونە سەبارەت بە کیشەی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستاندا ئەبینین کە چۆن "شۆرای میلی مەقاوەمەت" لە چوار چێوەی "بەرنامە"ی خۆیدا، واتە لە پەنای ئەرتەش و بوروکراسی ئیمپریالیستی ئەیەوێت لە پیناو دروشمی "تەمامیت ئەرزی" "خود موختاری" بە کوردستان ببخشێت و هەر وەها چۆن حیزبی دیموکراتی

کوردستانی ئیران ڕائەگەیێنێ کە "بەدی هاتنی بەرنامەی شۆرای میلی مەقاوەمەت وەدی هاتنی داواکاری بنەڕەتیەکانی گەلی کوردی کوردستانی ئێرانە"[١]

لە لایەکی ترەوە کومەڵە و هەموو ئەو هێزانە کە بەشداران لە نێو "حیزبی کومونیست"دا ڕایانان گەیاند کە "ئیستا بە گشتی ڕون بوەتەوو کە کۆماری ئیسلامی لە نیو هیچ تویژ و چینێکی گەلی کورد لە کوردستاندا پایەگای نیە وە وەک دوژمنێکی داگیرکر سەیر ئەکرێت."[٢] ئەنجامی ئەم بۆچونە ئەوەیە کە "دروشمە سەرانسەریەکان لەم بزوتنەوەدا لە کردەودا خەیرا نین" ئەمە نیشانەی ئەویە کە ئامادە نین تا کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە پەیوەندی خەباتی چینایەتی لە کوردستاندا ببینن و گرێی بدەن بە بزوتنەوەی دژ بە ئیمپریالیزمی ئێرانەوە.

لە هەل ومەرجێکدا کە وردە برژوازی بەر چاوتەنگ تێ گەیشتنی ناتەواوی خۆی لە کێشەی نەتەوایەتی لە نێو جەرگەی گەلی تێکوشەر بەڵاو دەکاتەوە و برژوازی سەر بە ئیمپریالیزمیش بە تاکتیکە جۆراوجۆرەکانیە لە "یەکیەتی ئسلامی" و "یەکیەتی میلی" هەر وەها "سەربەخۆی میلی" لە گەڵ مانەوە لەو وابەستەگیەدا بۆ سەر لێ شێواندی جەماوەر تێ دەکۆشن، ڕوون کردنەوەی و پرو پاگەند بو بیرو بۆچونو بەرنامەکانی پرولتاریا لە سەر کێشەی نەتەوایەتی بەشی سەرەکی و گرنگی کمونیستەکان پێک دێنێ.

هەنگاوی یەکەم بۆ لێکدانەوەو شی کردنەوەی هەلویستو بۆچون، هەر وەها بەرنامەکانی پرولتاریا لە سەر کێشەی نەتەوایەتی لەم قۆناغەدا، سڕینەوەی تەم و مژە لە سەر دروشمی بنەڕە تی "مافی دیاری کردنی چارەنوس". هەر لە همان کاتدا ڕون کردنەوەی بەرزترین چالاکی ئەم دروشمەیە واتە " مافی جودایە" وە پیشاندانی سنوری دیارو ئەو بەرهەمە کردەوەیانە کە لە ئاکامی ئەم هەڵویستەدا وە دەست دێت. ئەگەر ئەم کارە نەکرێت و تەنیا بە دوپات کردنەوەی ئەم دروشمە بە چەشنێکی بێ گیانو بێ مانا ڕازی بین، ڕیگامان بەرەڵا ودەرگامان ئاواڵە کردوەتەوە بۆ خزینەوە ژورەوی دوژمنانی شورش و چەواشە کردنی ئەم ڕێگایە. پرێک جار ڕۆژێ هەزار کەڕەت ئەم دروشمە لە لاین پرێکەوە دوپات ئەکرێتەوە، کە ئەڵین چارە سەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد هیچ پەیوەندیێکی بە دەر چون لە سیستەمی سەرمایەداریو ئیپریالیزمەوە نیە. ئەڵین کێشەی چارە سەر کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی پێویست بە دەرچۆن لە دایەرەی پەیوەندیەکانی  سەرمایەداری و ئیمپریالیزم ناکات.

لە لایەن ئەوانە ستەمی میلی بەشێک لەم پەیوەندیانە "مناسبات" نین، کە وابوو دروشمی "مافی دیاری کردنی چارە نووس" و " مافی جودابوونەو " دروشمی شورشگێرانە و دیموکراتیک نین. کە وابو تەنیا هەڵ گرتنی ئەو دروشمانە لە گەوهەری (ماهیت) هەڵگرانی دروشمەکان ناگۆڕێت. پێویستە ئەو بزانین هەرکەس یان هەر هێزێک لە چە بۆچون و ڕوانگایەکەوە ئەو دروشمە بەیان دەکەن.

بۆ کمونیستەکان، لە کێشەی نەتەوایەتیدا، دروشمی "مافی دیاری کردنی چارەنوس" و " مافی جودا بوونەوە" خاڵی سەرتایو هەنگاوی یەکەم خەبات پێک دێنێ. هەر کەس کە ئەمە قەبوڵ نەکات وە ڕەوتی خۆی لە سەر ئەم بناغەیە دانەمەرزێنێت بۆی نیە کە خۆی بە کمونیست بزانێت. هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد تەنیا هەڵ گرتنی ئەو دروشمانە بەڵگەی کمونیست بوون نین. بە لای کمونیستەکانەوە ئەم دروشمانە بەرانبەرن لە گەڵ ویستی ئازادانەی چەماوەردا. ویستی "ئازادی جەماوەر" یانێ چی؟ واتە کە جەماوەری گەلەکان ئەبێت بتوانن لەو پەڕی ئازادیەوە بیرو بۆچونی خۆیان لە سەر "چارە نووس" ڕاگەێنن. لێرەدایە ڕێگاو ڕەوتی کمونیستەکان لەوانە کە پروایان وایە بە پاراستنی ئەرتەشو سیستەمی بروکراسی ئمپریالیستی ئەتوانن کیشەی نەتەوایەتی لە سەر بناغەی دروشمی "مافی دیاری کردنی چارە نووس" چارە سەرکەن، وە یا ئەوانە کە فیکر ئەکەنەوە کە ستەمی میلی لە چوارچێوەی مانەوەی پەیوەندیە ئیمپریالستیەکان لە سەر بنەوای "مافی دیاری کردنی چارە نووس " دیتە دی، جودا دەبیتەوە. ئیمە ئەڵیین تا کاتێک ئەرتەشو بوروکراسی سەر بە ئیمپریالیزم مابێ، کەش و هوای خنکێنەر (اختناق) ناچار هەر هەیە، کە وابو ئازادی بۆ جەماوەر

---

١- موجاهیدی ژمارە ١٨٦ لاپەڕی ٥ وتو وێژی سکرتیری گشتی حیزبی دیموکراتی ئیران لە گەل دەنگی کوردستان ٦٢/٩/٢٤.
٢- کارگری کمونیست ژمارە ٩ ٢/٤/ ٦٢.

بە هیچ جۆرێک نیە. لە ئاوا هەلو مەرجێکدا بۆ ئەوە بمانەوێت دروشمی "مافی دیاری کردنی چارە نووس " وە "مافی جودا بوونەوە" دابین کەین پێویستە بو "دیموکراسی" خەبات بکەین، چۆنکە تەنیا لە دموکراسیدایە کە ئامانجی جەماوەری گەلانی ژێر دەسەڵات ئەتوانن بێنە دی.

بۆ دابین کردنی دیموکراسی ئەبێ ئەرتەش و سیستەمی بورۆکراسی و پەیوەندە ئیمپریالستیەکان پروخێنین. لە کاتو ساتێکدا وادا مانای شۆڕشگێڕانەی دروشمی "مافی یاری کردنی چارە نوس" خۆی پیشان ئەدا. هەر وەها دەر ئەکەویت کە چارە سەر کردنی کیشەی نەتەوایەتی گەلان و بە گشتی مسئلە میلی ڕاستەوخۆ ناچار لە خزمەتی شۆڕشی ئینقلابی دیموکراتیک و خەباتی دژ بە ئمپریالیزم دا خۆی جێگیر و دابین دەکات. ئەوانە کە وادەزانن لە هەلو مەرجی بونی بەکرێگیراوان و "جاش" ڕێکخەران لە کوردستاندا، جەماوەری گەلی کورد ئەتوانێ "ئازادانە" بیرو باوەڕی خوی دەر پڕێت و چارە نوسی خۆی هەڵ بژێرێت، خویچیان بە جۆریک پەیوندیان هەیە بەوانەوە. بۆ ئامادە کردنی کەش و بانێک کە دروشمی "مافی دیاری کردنی چارە نوس" و "مافی جودا بونەوە" تێدا پێتە دی، ئەبێت هەمو مەرجە سەرەکیەکانی ئازادی دیموکراتیک جێ بە جی بکرێت، لە وڵاتی ئیمەدا هەلو مەرجو بارودۆخی ئازاد و دیوکراتیک بە دی هات بێت بە جۆرێک کە ماشینی دەوڵەتی سەر بە ئیمپریالیزم و پەیوەندیە ئابوری- کۆمەڵایەتی و پاشماوە کونەکانی فیئودالیسم تێدا لە بەین چو بن. کە وا بو بارو دوخ و هەلو مەرجی ئازاد و دیموکراتیک واتە چارە سەر کردنی شورشی زەوی، بە پشیتوانی جوتیاران ورەنجدەرانی دێهاتەکان ڕوخاندنی پەیوەندیەکانی ئیمریالیزم سەبارەت بە پێشەسازی و سیستەمی پارەی وڵات. مەرجی بە دی هاتنی ئەمانە هەمو  تێکشکاندنی ماشینی دەوڵەتیە کە پارێزگەری دەسەڵات داری ئیمپریالیزم و پەیوەندیە ئابوری – کۆمەڵایەتیەکانیە، لە ئێراندا هەر وەها شکاندنی ئەو هێزە کە وەک پڕبڕە پشتە بۆ ئەو سیستەمە واتە ئەرتەشی ئیمپریالستی زۆر پێویستە. هەر وەک دەس کەوتەکانی شەش ساڵ ئێران لە کوردستان پیشان ئەدەن لە کەش و هەوای خنکێنەری دیکتاتۆری ئیمپریالیستی کە جەماوەر بۆیان نیە ڕێکخراوەی خۆیان هەبیت، پرۆسەیەکی شۆرش، پرۆسەی درێژخایانە کە هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە پێویستی بە ڕەق و قینی شۆڕشگیرانەیە بەرامبەر بە رەق و قینی دژ بە شۆڕش بۆ پێش چۆن. ئەوە خەیاڵیکی باتڵ و پوچە کە وابزانین لە کەش و هەوایەکی وادا کە کەس بۆ نیە هەناسە بکێشیت بە خەباتێکی ئاشتی خوازانە جەماوەری بتوانن خۆیان ڕیک خەن و بە ڕاپەڕینێک ماشینی دەوڵەتی تێک شکێنن و هەمو پەیوەندیەکانیان ئیمپریالیزم گسک دەن. ئیمە دیمان کە ڕاپەڕینێکی هەرە گەورە وەک ڕاپەڕینەکەی شۆڕشی ۵۷ هەر لەبەر ئەوە کە جەماوڕ بە بێ یەک گرتویو ڕیکخراوە  وە بە شپرزەی هاتنە مەیدان شۆڕش نەی توانی دەسەڵاتی ئمپریالیزم لە وڵات لە ناو بەرێت، هەر وەها دیمان کە گەلی کورد وا بۆ چوار ساڵە بۆ پارستنی ئەو تۆزە دەسکەوتە خەباتی چەکدارانە ئەکات. کە وابو بۆ بە دی هینانی هەلو مەرجو و بارو دوخی ئازاد و دیمۆکراتیک وە بۆ ئەوە کە گەلانی ژێر دەسە بتوانن ئازادانە بیرو باوەڕی خۆیان ڕابگەێنن خەبات و شەڕیکی درێزخایانمان لە پێشە. شەڕیکی کە بەرە بە بەرە ماشینی دەوڵەتی پروخێنی و ناوچە بە ناوچە پەیوەنیە ئابوری – کۆمەڵایەتیەکان لە ناو بەرێت.

کاتێک کە ئەساسی مەسەلەکمان بەم شێوە قەبوڵ کرد، واتە کاتێک خەبات بۆ دیموکراسی لە پیناو دابین کردنی دروشمی "مافی دیاری کردنی چارە نوس" وە "مافی جودا بونەوە" ڕاستەو خۆ پەیوەنی هەیە بە ڕوخاندنی دەسەڵاتی سەرمایەی سەر بە ئیمپریالزمەوە، لە کاێکدا کە قەبوڵمان کرد بۆ دابین کردنی ئەم ئامانجە گرینگانە شەڕ و خەباتێکی درێژخایانمان لە پێشدایەو ڕەنگە شوین بە شوینو سەنگەر بەسنگەر لە ماوەیکی درێژدا ئەم ئازادیە وە دەس بێنین، مەسەلەیەکی گەورە دێتە ئاراوە وە ئەوەش ئەمەیە کە لە شوینە ئازاد کراوەکاندا کە بە بۆنەی هیزی شۆڕشەوە لە چنگی ئیمپریالیزم و پەیوەنیەکانی ئازاد کراون چە هێزێک لەوی دانێن و چۆن بارودوخیک دابین بکەین تا لە پێش خستنی شەڕی شۆڕشگێڕانەو رزگارکەر وە هەر وەها باشترین هەل و مەرج بۆ ئازادی جەماوەر بێت. لێرەدا ڕوبەڕو وەڵامی ئەو پرسیارە دەبینەوە کە تا ڕادەیەک زۆربەی عەناسرەکان لە ناوەرۆکی مەسەلەکە خۆی دایە. لە هەر کوی پەیوەندیە ئمپریالیستیەکان لە ناو بەرین، ئەبێت دەس بەجێ پەیوەندیکی قورس و قۆڵی میلی دیموکراتیک دامەرزێنین، ئەبیت دەس بەجێ بە شۆڕشی دابەش کردنی زەوی و بە نەهێشتنی بناغەیی دەسەڵاتداری خان،ئەرباب، دەرە بەگ، سووخۆر، سەلەمکارو بانک و شرکەت تەعاونی ئیمپریالیستیەکان هێزی توانای جەماوەری فەلاو جوتیارە ڕەنجدەرەکان ئازاد بکەین، بەردی بناغەی شەڕی شۆڕسگیرانە پتەوتر کەینەوە. ئەبێت لە شارەکاندا دەسەڵات لە

سەرمایەدارە سەر بە ئیمپریالیستە زالو سیفتەکان بستێنین، هەر وەها بە لا بردنی دەسەڵاتی بۆروکراسی، لە جەماوەر هێزێکی گەورەو بە توانا دروست کەین بۆ سەر خستنی جەنگی شۆرشگێرانە و ڕێکخستنو یەکیەتیان. بە کورتی لە هەر مەڵبەندێکی ئازاد کراودا، هەر چەن مەڵبەنێکی بچوکیش بێت، و هەر چەن ئەو ناوچەیە بۆ ماوەیەکی کورت لە دەس شۆرشدا بیت، یەک یەکی کریکارانو جوتیاران و تویژەکانی تری زەحمەتکێشی ناو کۆمەڵ، هەست بە شۆرش بکەن و بەرژەوەندیەکانی ژیانیانی تیدا ببینن، تا ئەگەر هاتۆ جارێکی تر ئەو ناوچە داگیر کرایەوە هەر لایەنگری شۆرش بن و یارمەتی بدەنو خۆیان ببن بە بەشێک لە شۆرش.

کاتێک کە مەسلەکە بەم شێوە بزانین ئیتر تێ دەگەین و ئەزانین کە "مافی دیاری کردنە چارە نوس" و "مافی جودا بونەوە" لە هەلو مەرجی شۆرشی میلی و دیموکراتیک و دژ بە ئیمپریالیزمی ئێران نە تەنیا دروشمێکی هاندەرو تەبلیغە بەڵکو هەر لە هەمان کاتدا ڕێنوینی کەری خەباتەکەمانە. شۆرشی ئیمە، شۆرشێکە دژ بە ئیمپریالیزمە، وەڵاتەکەمان وڵاتێکی تازە موستەعمەرەیە، لە دەورانی ئیمپریالیزمدا کێشەی نەتەوایەتیو مەسەلەی موستەعمەرات بە چەشنێک لە یەک تێک ئاڵاون کە قەت لە یەک جودا نابنەوە و گریان خواردوە بە یەکەوە. ئەوانە کە ئەیانەوێت بە چەشنێک لە هەلو مەرجی بونی ئیمپریالیزم و پەیوەندیەکانی، "ستەمی میلی" نەهێڵن و لە ناوی بەرن، لە ڕاستیدا جگە لەوە کە ڕواڵەتی مەسەلەکە بگۆرن بۆ ڕواڵەت و چەشنێکی تر کارێکی تر ناکەن. هەر لە بەر ئەمە ئیمە هەرچون دژی پەیوەستیەکانی(الحاق) ئیمپریالیستین، بەرابەر بەو هێزانە کە لە گەڵ مانەوەی پەیوەندیە ئیمپریالیستەکاندا ئەیانەویت مەسەلەی میلی چارە سەر کەنو دوای جودا بونەوە دەکەن ئەوستین.

لێرەدا ئەگەین بە دوهەمین تایبەت مەندی دروشمی "مافی گەلان بۆ دیاری کردنی چارە نوس" و " مافی جودا بونەوە" لە لایەن کمۆنیستەکانەوە، کە بە بێ باس کردنی بە بەر بەڵاوی و بێ پیشان دانی بە کردوە و بە بەرنامەی مەسەلەکە، هێشتا پەردەی تێ نەگەیشتن و ئیبهامان لە سەر مەسەلەکە لا نەبردوە. دروشمی " مافی گەلان بۆ هەڵ بژاردنی مافی چارە نوس" بنەڕەتیکی دروستە و لە هەمان کاتدا ئەبیت جێ بە جێو دیاری بکرێت. ئەمە ڕاستە کە کە لە بەر بونی ئەم دروشمە و دان پێدانانی هیچ ڕێکخراوەیەک لە پێشان دانی بەرنامەیەکی تایبەتی سەبارەت بە خەباتی ڕزگاری خوازی گەلێکی تایبەتی بێ نیاز ناکات، بەڵام بەرنامە هیزی هیچ ڕێکخراوەیەک بۆ ئەم گەلانە هیچ ئەرکێک دروست ناکات. هیچ ڕێکخراوە یان حیزبێک ناتوانیت مافی گەلان لە هەڵ بژاردنی چارە نوس بە تەنیا وەک بەرنامەی خۆی پێشاندات، بۆ نمونە بزتنەوەی گەلی کورد لە ئێراندا نابێتە بەرنامەی ئەوان، بەڵکو هەر هێزو ڕێکخراوەیەکی کمونیستی ئەبێت بە هەر جۆریک بە لێکدانەوە بابەتی و خۆی و هەر وەها مەرجە زیهنیەکانی پیشان بدات، بەجۆرێک کە بیرو بۆ چونی خۆی سەبارەت بەم دروشمە دەر بڕێت وە بنەواو بنەڕەتەکەی بە چەشنێکی دیاری کراو بێت کە بتوانیت بێتە دی وە بە باش ترین شێوە داخوازیەکانی جەماوەری زەحمەتکێش گەلان وە لە سەروەی هەمودا چینی کریکار بەر ئاوردەکات.

لە هەمان کاتدا هیچ بەرنامەیک ناتوانیت ئەساسی دروشمی "مافی گەلان بۆ هەڵ بژاردنی چارە نوس" و پێکهێنانی هەلو مەرجی دیموکراتیک بە چەشنێک کە خواستی ئازادانە جەماوەری ئەم گەلانەی تێدا بدروشێتە ئینکار بکات. بۆ نمونە ڕێکخراوەیکی کمونیستی کاتێك لە بەرنامەی خۆیدا جۆرە خودمختاریێک بۆ کوردستان پیشان ئەدا، پێشەکی ئەمە ددو پات کەینەوە کە دواهمین بڕیار سەبارەت بە داهاتوی کوردستان، ئیرادەی بە توانا وئازادی جەماوەری خەڵکی کورد ئەیدات. لە مسئلەی میلیدا باشترین بەرنامە ئەگەر بە زۆر داسەپێت ئەگۆڕێت بۆ خراپ ترین بەرنامە. دەس کەوتی تا ئیرەی باسە کەمان ئەبیتە ئەمە کە لە لاین کمونیستەکانەوە هیچ بەرنامەیک لە لایەن هەر هێزیکەوە بێت ناتوانێت جێگای ئەم ئەسڵە سەرکیە "مافی گەلان بۆ دیاری کردنی چارە نوس" بگرێتەوە واتە ئەگەر وورد تر سەری مەسەلەکە بکەین هیچ بەرنامەیەکی کمونیستی ناتوانێت لە پێش هەمو شتێکدا ناوەرۆکەکەی ئەم ئەسڵەی تێدا نە بێت. ئیمە بەرنامەی خۆمان تەبلیغ دەکەین بەڵام سەر ئەنجام ئەوە خواست و بڕیاری ئازادانەی گەلی چەوساوە و ژێر دەستە کە داهاتوی ئەو گەلە دیاری دەکات. دەسکەوتیکی تری ئەم باسە ئەمەیە کە ئێمە بە بێ یەکو دو کردن ئەو برنامە

ڕد دەکەینەوە کە ئەم ئەسڵەی لە خۆیدا جێ نکردبێتەو بە بی سەیر کردنی ناوەروکی بەرنامەکەو لە بەرانبەر ئاوا بەرنامەیەکدا بە توندی ڕادەوەستین و داڕێژەرانی ئەو چەشنە بەرنامە بە ملهوڕو زۆر بە دەستانی داهاتو بە خەڵک ئەناسێنین. ئێمە ئیزن نادەین بە هیچکەس کە بەرنامەی خۆی جی نشینی درۆشمی " مافی چارە نوس" و "مافی جودا بونەوە" بکات. بۆ نمونە ئێمە لە کاتێکدا درۆشمي خود مختاری بۆ کوردستان دەدەین ئەتوانین لە گەڵ هەر هێزێک کە درۆشمی ئستقلالی هەڵ بژارد بێت هاوکاری بکەین بو مەرجە کە ئەو هێزە دان بنێت بە مافی گەلی کورد لە دیاری کردنی چارە نوسی خۆیدا.

بەڵام، ئەگەر ئیمە کمونیستەکان لە سەر ئەسڵی "مافی گەلان لە دیاری کردنی چارە نوس خۆیان" و "مافی جودا بونەوە" تێکوشانمان بە شێوەیەکی توندو تیژ لە گەڵ دیموکراسی ڕاستەقینە بۆ دروشانەوەی ئیرادە ئازادی جەماوەر ئەنجام ئەدەینو ڕای دەگەیەنین، هەر لە همان کاتدا داوا کاری یەکیەتی و پەیوەندی ئازادانەی گەلانو یەک پارچەیو یەکیەتی قورس و قوڵی پرۆلتاریایین لە چوار چێوەی دەوڵەتێکی یەک پارچەدا. کە وابو لای ئیمە لە خواستی ئازادانەی پەیوەستەگیکی ئازاد، خواستی ئازادی بۆ جودا بونەوە کەم ناکاتەوە وە بە پێچەوانە تەواو کریانە. ئێمە بە هۆشیاریەوە ئاگامان لێیەتی کە برژوازی کەڵک وەر ئەگرێت لە درۆشمی "مافی گەلان بۆ دیاری کردنی چارە نوسی خویان" بۆ دروست کردنی چەن دەوڵەتێکی بچوکتر، تا گەلان و بە تایبەت پرولتاریای ئەو گەلانە لە یەک داپچڕیت. هەر لە بەر ئەمە هاوکات لە گەڵ خەبات بۆ دا بین کردنی درۆشمی " مافی جودا بونەوە" بەرژەوەندی پەیوەستگی ئازادانە و سەر بە خۆیان بۆ شیو لێک ئەدەینەوە.

سەرە ڕای ئەمانە ئیستا ئەوتوانین لە بناغەو ئەساسو ناوەرۆکی سەرەکی بەرنامەی ئیمە لە سەر مەسەلەی میلی باس کەین و ڕای گەیەنین. ئیمە بەرنامەی خۆمان لە سەر ئەساس و لێکدانەوەی هەلو مەرج بابەتی و هەست پیکراو (عەینی) دادە نێن: چلونایەتی ئابوری و فەرهنگی باشترین پێوەرەن کە یارمەتیمان ئەدەن بۆ داڕژاندنی بەرنامەکەمان. لە وڵاتێکی فەرە گەلی وەک ئێراندا کە بە هۆی زۆرداریو دەسەڵاتی سیستەمی پادشاهیەوە لە ناوچە جۆر بە جۆرەکاندا هەلو مەرجی ئابوری لە گەڵ یەک جیاوازن، وە لە گەڵ دیموکراسی ڕاستەقینە دا نەگونجاون ناتوانین بەرنامەی هاو چەشن و یەک جۆر بۆ هەمویان دابنێن. هەر وەها لە گەڵ دیموکراسی ڕاستە قینەدا ناگونجێت کە فەرەی گەلان لە پێش چاو نەگرین.

لە جیاوازیەکانی هەلو مەرجی ئابوری لە شوینە جیاوازەکاندا خود مختاریەکانی هەریمی لە پێش کەوتنی هەلو مەرجی ئابوریو کۆمەڵایەتی هەرچی زوو تر دێتە دەس. چون لە زۆربەی ناوچەکاندا جیاوازی ئابوری لە گەڵ جیاوازی گەلاندا یەکسانە، ئاسایە کە سنورو چەشنی خود موختاری بە پێوەری ئەو گەلە دیاری بکریت.

کاتێک پێوەرەکانی مەسەلی میلی لە بەر چاو گیران، دەس بە جێ ئەتوانین داواکاری بنەوا و بناغەی بەرنامەیەکی یەکسان بین کە بێ شک ئەتوانێت بۆ هەمو گەلانی ئێران داوا بکرێت. مافی کەڵک وەرگرتن لە ئازادی زوان زکماک، مافی بونی مەدرەسە و شوینە تایبەتیەکانی خویندن و فیربون و فەرهەنگی، بە ڕێوە بردنی ئیدارەو دادگاکان بە زوانی زکماک و هەرێمی، مافی کەڵک وەر گرتنو پاراستنی ئازادانە فەرهەنگو کوڵتوری میلی و هتد. هەمو ئەمانە ئەتوانین و ئەبێت بۆ هەمو گەلانی نشتەجی لە ئێراندا داوا بکریت.

ئەتوانین و پێویستە بەرابەری گەلان و لە ناو بردنی تەوفیرە و بەرتری گەلێک لە سەر گەلێکی تر داوا کەین و لە پێناویدا خەبات بکەین. ئەتوانین و پێویستە بۆ لە ناو بردنی هەر چەشنە تەوفیری و بەرتری فەرهەنگ و و مەزهبی گەلێک بە سەر فەرهەنگ و مەزهەبی گەلێکی ترەو دواکار بینو بو دابین کردنیان خەبات و تێکوشان بکەین.

بەڵام بەرنامەی میلی جگە لە ئەم داواکاریە گشتیەکان ئەبێ بە لێکدانەوەی تایبەتی و دیاری لە هەلو مەرج، سیستەمی ئیداری و حکومەتێ تایبەتی ئەو هەلو مەرجەی تێدا گونجاو و پێشنیار کرابێت. بۆ نمونە ئێمە سەبارەت بە کوردستان لە گەڵ دانمان ناوە بەوەدا کە گەلی کورد ئەبێ لە "مافی جودابونەوە" و ئێرادەی ئازاد وە کەڵک وەرگرتن لەم مافە بەرخورداربێت وە هەر وەها جگە لەمە کە ڕای ئەگەێنین کە ئەم ئازادیە بۆ گەلی کورد پەیوندیکی نەپچڕاوی هەیە بە دابین بونی دموکراسی (کوماری دیموکراتیکی خەڵک) لە ئێراندا، و هەر وەها لە گەڵ ئەوەدا کە ڕای ئەگەێنین کە لە هەلو مەرجیکی وادا بەرژەوندی گەلی کورد و لە سەروی

# هەڵویستی ئێمە سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی
# لە ئێراندا بە گشتیو لە کوردستاندا بە تایبەتی

هەموەوە بەرژەوەندی پرولتاریای کوردستان لە یەکیەتی لە گەڵ گەلانی تری دانشتوی ئێراندا لە چوار چێوەی دەوڵەتێکی دیموکراتیکدایە، لە گەڵ ئەوە کە بۆ گەلی کۆرد وەک هەمو گەلانی دانشتوی ئێران مافی کەڵک وەر گرتنی بێ سنور لە زوانی میلی و مەدرسە و ئیدارات و دادگاکان بە ڕسمێت دە ناسین، لە گەڵ ئەوەدا کە گەلی کورد لە هەمو بارێکەوە بەرابەرو یەکسان دەزانین لە گەڵ هەمو گەلانی ئیران، دیسان بە هۆی ئەوە کە ناوچەی کوردستان لە ئێراندا لە چەشنە یەکیەتیکی ئابوری بەرخوردارە کە شوینەکانی تری دراوسێ بونی نیە و هەر وەها گەلی کورد لە زوان، کەڵتور، فەرهەنگ و مێژویکی یەکسان و یەکجور بەرخوردارە، باشترین شێوەی بە ڕێوە بردنی هەمو چەشنە کارو بارێکی لە چوار چێوەی ئێرانیکی دیموکراتێکدا جورە حکومەتێکی خود مختار ئەزانین کە لەو حکومەتەدا جگە لە پرێک کارو باری گشتی وەک سیاستی نێو نەوتەوەی و خارجی و پاراستنی وڵاتو پۆلی چەرخێنەرو بەرنامە ئابوریە سەراسەریەکانی وڵات نە بێت هەمو چەشنە بەڕێوە بردنی ناوخۆی کوردستان ئەکەوێتە ئەستۆی ئۆرگانە کانی خود مختار هەرێمی. بەڵام هەر لە همان کاتدا یارمەتی هەمو لایەنەی دەوڵەتی مەرکەزی و گەلانی تری ئێران بە گەلی کورد، بو سەر کەوتن بە سەر گیرو گرفتە ئابوریو کومەڵاتیە کانیدا بە پیویست دە زانین.

ئەگەر بمانەوێت هەمو ئەم خاڵانە لە داڕژاندنو بەرنامەیەکی کورتدا کۆ کەینەوە ڕای ئیمە سەبارەت بە بزوتنەوەی گەلی کورد پێک دی لەم بەندانەی خوارەوە.

١ – ئێمە دان ئەنێن بوەدا کە گەلی کورد مافی دیاری کردنی چارە نوس و مافی جودا بۆنەوە هەیە.

٢ – بۆ دابین کردنی مافی دیاری کردنی چارە نوس و جودای گەلی کورد هەلو مەرجی دیموکراتیک بۆ بەیان کردنی ویستو ئیرادەی ئازادی جەماوری گەلی کورد پێویستە.

٣ – بۆ دابین کردنی هەلو مەرجی دیموکراتیک ڕاستە قینە کە گەلی کورد بتوانێت ویستو ئیرادەی ئازادی خۆی ڕا بگەێنێت، ڕوخاندنی دەسەڵاتو وزەی دیکتاتۆری ئیمپریالستی و پەیوندیە کومەڵایتە پەیوەند دار نە هەر لە کوردستان بەڵکو لە سەراسەری ئێراندا پێویستە.

۴ – بۆ ڕوخاندنی دیکتاتۆری ئیمپریالیستی و لە ناو بردنی پەیوەندە کۆمەڵایەتیەکانی، هەر چۆن کە گەلی کورد چوار ساڵە بە ئەزمونی خۆی هەستی پێدەکات، تەنیا ڕێگا شەڕێکی جەماوەریو درێژ خایانە.

۵ – بەو ئەندازە کە کوردستان لە بونی هێزە سرکوتکراکانی ئیمپریالیستی پاک دەبێتەوە، پێویستە بە لە ناوبردنی پەیوەندیە کۆنەکان و دابین کردنی توانای جەماوەر لە سەر بناغەی پەیوەندیە دیموکراتیک نوی، تۆمی حکومەتی خود موختار داهاتوی کوردستان بە شێوەی دیکتاتۆری دیموکراتیکی کارگەران و جوتیاران دا چێنین.

۶ – لە چوار چێوەی کۆماری دیموکراتیک خەڵک لە ئێراندا جگە لە سیاسەت و ئابوری خارجی، کارو باری پارستنی وڵات، پولی چەرخێنەر، پرۆژە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکان سەراسەری، هەمو کارو بارێکی تر دەڵەتی هەرێم هەڵی دەسورێنێ.

٧ – پارستنی نەزم لە ناو کوردستاندا بە تەواوی و پاراستنی سنوری وڵات لە ناوچەی کوردستان لە ڕادەی توانایدا لە ئەستۆی گەلی کوردە کە لە ڕێگای دروست کردنی هیزی چەکدار و لە شەڕی شۆڕشگیرانەدا بەشداریان کردە و هیزە کانی تر دەوڵەتی خود موختار درستو ڕێکی دەخات.

**لە گەڵ باوەر بە سەرکوتنی ڕێگاکەمان**
**چریکە فەدایەکانی خەڵکی ئێران**
**ئەسفەندی ساڵی ١٣۶٢**